## یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێی گەرمیان

ڕاپۆرتێک لەبارەی:

# حکومەتی بنکە فراوانی گەرمیان
# ئاستەنگ و دەستێوەردانەکان

1/1/2020

| ژمارەی پەڕە | ناونیشان |
|---|---|
| | بەشی یەکەم: ڕاپۆرت |
| 2 | پێشەکی |
| 3 | هەڵسەنگاندنی بەرپرسە ئیداریەکان بۆ چوار ساڵی کارکردنیان پێکەوە |
| 4 | هەڵسەنگاندنی بەرپرسی حزبەکان |
| 6 | دەستێوەردانی حزب لەکاری حکومەت و کاری بەڕێوبەرەکان لە سنورەکە |
| 7 | چەند نمونەیەکی ناکۆکیە حزبیەکان لەماوەی چوارساڵی حکومەتی خۆجێی بنکە فراوان لە گەرمیان |
| 12 | ڕای چاودێرانی سیاسی و چالاکوانان لەسەر حکومەتی بنکە فراوانی گەرمیان |
| 13 | ڕای هاوڵاتیان لەبارەی ئەزمونی حکومەتی خۆجێی بنکە فراوان لە گەرمیان |
| 18 | ڕای سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان لەسەر حکومەتە خۆجێیەکەی گەرمیان |
| | بەشی دوەم: دەرەنجام و ڕاسپاردەکان |
| 19 | دەرەنجام و ڕاسپاردە |
| | بەشی سێیەم: ناساندن |
| 22 | ناساندنی یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێی گەرمیان |
| 23 | ناساندنی ڕادیۆی دەنگ |
| 24 | ناساندنی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی NED |
| 24 | ناساندنی ناوچەی گەرمیان |

## بەشی یەکەم: راپۆرت

### پێشەکی:

لە چوار ساڵی رابردودا، حزبەکان لەو سنورەی کە بە "زۆنی سەوز" ناودێر دەکرێت، بڕیاریاندا حکومەتی خۆجێی بکەن بە حکومەتێکی بنکە فراوان و حزب و لایەنەکانی تر بەشدار بن لە بەڕێوبردنی سێکتەرەکاندا، لەکاتێکدا پێشتر بە زۆریی تەنها حزبی باڵادەستی سنورەکە "یەکێتی نیشتمانی کوردستان" هەمو یان زۆربەی زۆری سێکتەرەکانی بەڕێوە دەبرد.

لە سنوری ئیدارەی گەرمیانیش بەهەمانشێوە حکومەتی خۆجێی کرا بە حکومەتێکی "بنکە فراوان" و جگە لە یەکێتی نیشتمانی کە زۆرینەی زۆری فەرمانگەکانی لا مایەوە، هاوکات هەریەکە لە لایەنەکانی: (بزوتنەوەی گۆڕان، یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان و کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان)، بەشدارییان پێکرا و پۆستی بەڕێوبەری چەند دەزگایەکیان پێدرا.

بەپێی رێککەوتنی لایەنەکان، پۆستەکان بەزۆرینەی رەها لای یەکێتی نیشتمانی کوردستان مانەوە، حزبەکانی تریش بەم دەزگایانە بەشدارییان لە حکومەت دا پێکرا:

1. بزوتنەوەی گۆڕان: 3 بەڕێوبەری گشتی (چاودێریی و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی، تەندروستی و کشتوکاڵ)، 1 بەڕێوبەر (دەروازەی نێودەوڵەتی پەروێزخان)، 1 قایمقام (کەلار)، 2 بەڕێوبەری ناحیە.

2. یەکگرتوی ئیسلامی: 1 بەڕێوبەری گشتی (رۆشنبیریی و هونەر)، 1 بەڕێوبەری ناحیە.

3. کۆمەڵی ئیسلامی: 1 بەڕێوبەری ناحیە.

راپۆرتی ژمارە سێی وەرزی سێیەمی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان، تایبەت کراوە بە هەڵسەنگاندنی ئەم هەنگاوە و پێداچونەوەیەک بە پرۆسەی "حکومەتی بنکە فراوان لەگەرمیان"، لەسەر زاری لایەن و بەشدارە جیاوازەکانەوە، دیوە "سەرکەوتو و ناسەرکەوتوەکانی" ئەو پرۆسەیە و کاریگەرییەکانی لەسەر باشترکردنی رەوشی ژیانی هاوڵاتیان، خستوەتەڕو.

## 1. هەڵسەنگاندنی بەرپرسە ئیداریەکان بۆ چوار ساڵی کارکردنیان پێکەوە

بەرپرسە ئیداریەکان لە سنورەکە هەڵسەنگاندنیان بۆ حکومەتی بنکە فراوان جیاوازە، هەندێکیان چوار ساڵی حکومەتەکە بەسەرکەوتو دەدەن لە قەڵەم و دەڵێن ئەمە وایکرد رۆحیەتی کێبرکێ و چاودێری دروست بێت لە نێوانیان.

شەهاب ئەحمەد، قائیمقامی قەزای کەلار، دەڵێت: "حکومەتەکە لە گەرمیان سەرکەوتو بوە، بەڵگەش بۆ ئەم قسەیەم ئەو هەماهەنگیە کە لەنێوان فەرمانگە جیاجیاکان لە سنورەکە هەیە کە جیاوازی حزبیمان نەبوەتە هۆکار بۆ رێگریکردن لە کاری یەکتر و ئاستەنگ دروستکردن، هەربۆیە وەک یەکەم ئەزمونیش سەرکەتوبوە".

ئەکرەم ساڵح، سەرۆکی شارەوانی کەلار، لە پشکی یەکێتی، هەمان رای هەیە و پێیوایە حکومەتە بنکە فراوانەکەی گەرمیان سەرکەوتو بوە.

لەگەڵ ئەمەشدا رایەک هەیە کە پێیوایە حکومەتەکە سەرکەتو نەبوە بە پێی پێویست.

حسێن ئەحمەد، بەرێوبەری گومرکی گەرمیان، کە لە پشکی یەکێتیە، پێیوایە حکومەتی بنکە فراوان تایبەتمەندی جیاوازە و کارەکانیان زۆر دوادەخات ئەگەرچی لەپێشوتریشدا هەر کارەکان دواکەوتوە. وتیشی: "چوارساڵی کارکردنی حکومەتی خۆجێی گەرمیان هیچ باش نەبوە، ئاستی وەک پێویست نەبوە". هەروەک هۆکارەکانیشی دەبەستێتەوە بە قەیران و دۆخی سیاسی کوردستان.

علی تۆفیق، بەرێوبەری دەروازەی نێودەوڵەتی پەروێزخان، لە پشکی گۆڕان، رای جیاوازە و دەڵێت: سەرکەوتنی هاوپەیمانیەتیەکە پەیوەست بوە بە ئەقڵی ئەو تاکانەی پۆستیان پێدراوە، لەبەر ئەوەی بە وتەی خۆی لە کوردستان سیستەم نیە بۆ کاروبارەکانی حکومەت.

"پێوەرێک نیە بۆ ئەوەی کە بڵێین حکومەتی بنکە فراوان لە گەرمیان سەرکەوتو بوە یاخود نا، چونکە پەیوەندی بە دۆخی گشتی هەرێمەوە هەیە، نەک خودی پەیوەندی حزب و پێکهاتە جیاوازەکان کە پۆستیان وەرگرتوە". عەزیز محەمەد، بەرێوبەری ناحیەی باوەنور لە پشکی یەکگرتوی ئیسلامیی، وا دەڵێت.

بە هۆی ئەوەی "نایەوێت واقعیەتی هاوپەیمانێتیەکە بخاتەڕو" قائیمقامی قەزای کفری ئامادەنیە هیچ قسەیەک بکات لەسەر حکومەتی خۆجێی گەرمیان.

جەلال شێخ نوری، قایمقامی قەزای کفریە لەسەر پشکی یەکێتی، دەڵیت: "من ئەگەر قسەبکەم راستی واقعی هاوپەیمانیەتەکەو دروستبونی گرفت بۆکارەکان دەخەمەڕو، بۆیە نامەوێت هیچ بڵێم لەسەری".

## 2. هەڵسەنگاندنی بەرپرسی حزبەکان

### 2 -1. بەرپرسی مەڵبەندی یەکێتی

بەرپرسی مەڵبەندی یەکێتی لە گەرمیان حکومەتە بنکە فراوانەکە بەسەرکەوتو دەزانێت و دەڵێت: "پەیوەندیمان لەگەڵ هەمو حزبەکان هەیە و کێشەمان نیە".

سامان گەرمیانی، بەرپرسی مەڵبەندی گەرمیانی یەکێتی، باس لەوەدەکات دابەشکردنی پۆستەکان سەرکەوتو بوە لەنیوان حزبەکان "دابەشکردنی ئەو پۆستانەشی کە هەیە لە گەرمیان بە رێکەوتنی سیاسی کراوە بەتایبەت لەگەڵ بزوتنەوەی گۆڕان".

دەشڵێت: هۆکاری سەرکەوتوی حکومەتەکە ئەوە بوە کە کێبڕکێی سیاسی دروست کردوە بۆ زیاتر خزمەتکردنی ناوچەکە.

### 2-2. باژێروانی مەکۆی کەلاری بزوتنەوەی گۆڕان

فەیسەڵ حەسەن قادر، باژێروانی مەکۆی کەلاری بزوتنەوەی گۆڕان، سەبارەت بەم پرسە دەڵێت: "ناتوانین بڵێین دابەشکردنی ئەو پۆستانە سەرکەوتو بوە یان نا، ئەوە دەبێت هاوڵاتیان بڕیاری لەسەر بدەن تا چەند ئەو حزبەی کە لە بەڕێوبەرایەتیەکان پۆستی وەرگرتوە خزمەتی کردوە".

فەیسەڵ حەسەن، لەکاتی ئامادەکردنی راپۆرتەکەمان دا کەمتر لە مانگێک وەک باژێروانی مەکۆی کەلاری بزوتنەوەی گۆڕان دەست بەکار بو، ئەو لەبارەی رێگریەکانەوە لە نوێنەرەکانیان باسی لەوەکرد "رێگرییەکان هێندە زۆر نین ببن بە دیاردە".

ئەمە لە کاتێکدا باژێروانی پێشوی مەکۆی کەلار، محەمەد عەبدولڕەحمان، لەبارەی ئەو ئاستەنگانەی کە بۆ کادرەکانیان کراوە لە ناو حکومەت، دەڵێت: "کادرەکانی ئێمە کەموکورتیان هەیە، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بەربەستیان بۆ دروست کراوە لەلایەن حزبەوە".

دەشڵێت: "نەک لە دابەشکردنی پۆست لە سنوری گەرمیان و تیکەڵکردنی ململانیی حزبی لەگەڵی، بەڵکو هەمو کورد کە توشی ئەم هەمو نەهامەتی و دەردەسەریە بوە لە کورستان، بەهۆی ململانێی ناشەریفانەی حزبەوە بوە".

## 3- 2. بەرپرسی مەڵبەندی کۆمەڵی ئیسلامی

بەرپرسی مەڵبەندی کۆمەڵی ئیسلامی ئەوە ئاشکرادەکات کە ئاستەنگیی زۆر بۆ نوێنەرەکەیان لە گەرمیان هاتوەتە پێش.

حەسەن محەمەد ساڵح، بەرپرسی مەڵبەندی گەرمیانی کۆمەڵی ئیسلامی، لەبارەی دابەشکارییەکان و سەرکەوتنی حکومەتی خۆجێی بنکە فراوان لە گەرمیان، وتی: "ئەو دابەشکارییەی کە لە گەرمیان کراوە بۆ پۆستەکان خودی پرۆسەکە سەرکەوتوبوە، چونکە فرەڕەنگیە".

بەڵام ئەو نایشارێتەوە کە بەڕونی ڕێگری کراوە لە کارکردنی نوێنەرەکەیان لە حکومەتە خۆجێیەکەی گەرمیان.

## 4 – 2. لێپرسراوی مەڵبەندی یەکگرتو

لێپرسراوی مەڵبەندی یەکگرتوی ئیسلامی لە گەرمیان، پێیوایە حزبی دەسەڵاتدار لەناوچەکە دەستکراوە نەبوە بۆ نوێنەرانی حزبەکانی دیکە لە حکومەتە خۆجێیەکەی گەرمیان.

بورهان مزەفەر، لێپرسراوی مەڵبەندی گەرمیانی یەکگرتو، هەڵسەنگاندنی لەسەر حکومەتی خۆجێی گەرمیان بەمشێوەیە خستەڕو: "بە حوکمی ئەوەی کە حزبی دەسەڵاتدار یەکێتیە لەم سنورە و دەست کراوە نەبون بۆ ئەندامانی حزبەکانی تر، بۆیە ئەوەی ئێمە دەمانویست وەک پیویست نەمان پێکاوە، لەگەڵ ئەوەشدا بەشێکی پەیوەندی بە قەیرانی دارایی هەرێمەوە هەبو کە بودجە نەبو بۆ کار و پرۆژەکان، بەمەش ئاستەنگی زۆر دروست بو بۆ حکومەتە خۆجێیەکان".

یەکگرتوی ئیسلامی لە حکومەتی خۆجێی گەرمیان دوپۆستی هەیە ئەوانیش بەڕێوبەری گشتی رۆشنبیری گەرمیان و بەڕێوبەری ناحیەی ئاوەسپیە.

بورهان مزەفەر، باسی لە دەستوەردان لەکاری نوێنەرەکانیان کرد و وتی: "رەنگە تەدەخولات هەبوبێت لە رێگەی جێگرەکانی بەرێوبەری گشتی رۆشبیریەوە، بەڵام حزب رێگری بۆ کاری نوێنەرەکانمان بەشێوەی راستەوخۆ دروست نەکردوە".

## 3. دەستێوەردانی حزب لەکاری حکومەت و کاری بەڕێوبەرەکان لە سنورەکە

### 1 - 3. بەڕێوبەرێک: کار نەبوە حزب تەداخولی تێدا نەکات

چەند بەڕێوبەرێکی گەرمیان بە رونی باس لە دەستێوەردانی حزب و دروستکردنی ئاستەنگ لە کارەکانیان دەکەن.

رامیار عەبدولڕەحمان، بەڕێوبەری ناحیەی سەرقەڵا، کە سەر بە بزوتنەوەی گۆڕانە، دەڵێت: هەندێکجار هەڵەتێگەشتن لە حزبی بەرامبەر بۆ کارەکانت یان تەنانەت حزبەکەی خۆشت هەیەو روبەڕوت دەبنەوە.

ئەو جەختیشی کردەوە لەوەی: "بەڵێ حزبایەتی هەیە و تەدەخولاتیش هەیە".

بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان کە ئەویش سەر بە بزوتنەوەی گۆڕانە، دەڵێت: "حزبی دەسەڵاتدار کار نەبوە تەداخولی تیدا نەکەن و دەستی تێوەرنەدەن بە هەمو ئاستەکانەوە".

د. سیروان محەمەد، بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان، ئاماژەی بەوەکرد: "ئەگەر کاری هاوبەش هەبێت خزمەتگوزاری باش ئەبێت، بەڵام بەهۆی ئەو ململانێ حزبیەی کە لەلایەن حزبی دەسەڵاتدارەوە دەکرێت، زیان بە ئاستی خزمەتگوزارییەکان گەیشتوە، بۆ نمونە بە کاری هاوبەش لە نێو ستافی بەڕێوبەرایەتیمان لە ٢٠١٦ بۆ ٢٠١٧ دو مەڵبەندی تەندروستیمان کردەوە، ئەمەش زۆر خزمەتی بە شارەکە کردوە".

عەلی تۆفیق، بەرێوبەری دەروازەی نێودەوڵەتی پەروێزخان، کە سەر بە بزوتنەوەی گۆڕانە، باس لەوەدەکات رێگری دروست بوە و دەستوەردان هەبوە، بەڵام وەکخۆی وتی: "لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە دەمانەوێت بۆشاییەک بهێڵینەوە بۆ کارکردن".

### 2 - 3. چەند بەڕێوبەرێک: رێگری نیە و نوێنەری حزبەکان هاوکاری زۆر باشمانن

بەرپرسێکی بزوتنەوەی گۆڕان لە حکومەتە خۆجێیەکەی گەرمیان پێیوایە بە دەگمەن دەستوەردان هەبوە بۆ کارەکانیان.

دەرون عومەر، بەڕێوبەری گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی گەرمیان، کە لەسەر پشکی بزوتنەوەی گۆڕانە، دەڵێت: "بە دەگمەن میزاجێتی شەخسی و تاکەسی لە ناو حزبدا دەستی وەرداوەتە کارەکانمان".

لەبارەی دروستکردنی ئاستەنگ بۆ کارەکانیان، سەرۆکی شارەوانی کەلار، دەڵێت: "ئێمە باڵادەستین، کەس بۆی نیە ڕێگری بۆ کارەکانمان دروست بکات".

ئەکرەم ساڵح، کە لەپشکی یەکێتیە لەباسی وەڵام نەدانەوەی نوسراو یاخود هەرجۆرە پرس نەکردنێک بە لایەنی پەیوندیدار لە پرۆژەکانی شارەوانی بەهۆی جیاوازی حزبیەوە، وتی: "وەڵام دانەوەی نوسراو ڕێکاری یاسایی خۆی هەیە، ئێمە ئەو گرفتەمان نەبوە بەهۆی جیاوازی حزبیەوە ڕێگریمان بۆ بێتە پێشەوە، هەر لایەنێکیش پێیوایە ئێمە وەڵامی نوسراویمان نەداوەتەوە یاخود حسابمان بۆ نەکردوە، دەتوانێت داوای ڕونکردنەوە بکات".

شادیە حسێن، بەڕێوبەری گشتی بەڕێوبەرایەتی کشتوکاڵی گەرمیان کە لە پشکی بزوتنەوەی گۆڕانە، وەکخۆی دەڵێت: "ئەوەی ئاستەنگ هاتبێتە ڕێم قەیرانی دارایی بوە نەک حزبی، لە ئیدارەی گەرمیانەوە بۆ خوارەوە هیچ ئاستەنگێکیان بۆ دروست نەکردوین، بگرە هاوکارمان بون بۆ ڕایکردنی ئیشوکارەکان".

بەڕێوبەری گشتی بەڕێوبەرایەتی ڕۆشنبیری و هونەری گەرمیان، دەڵێت: هیچ میزاجێتیەکی تاکە کەسی و حزبی نەبوەتە هۆی ڕێگری کردن لە کارەکانمان.

ئاکۆ یوسف ئەحمەد، کە لە سەر پشکی یەکگرتو بەڕێوبەری گشتی ڕۆشنبیری گەرمیانە، وتی: تاوەکو ئێستاش هیچ کام لە ئەندامانی دیکەمان کە لە پۆستەکانی ترن، سکاڵای لەو شێوەیان نەبوە کە حزبەکانی تر ڕێگر بوبێتن لە کارەکانیان.

## 4. چەند نمونەیەکی ناکۆکیە حزبیەکان لەماوەی چوارساڵی حکومەتی خۆجێی بنکە فراوان لە گەرمیان

### 4 1. عەلوەی نوێی کەلار و دەرکەوتنی ناکۆکیە حزبیەکان

کردنەوەی پرۆژەی عەلوەی نوێی کەلار و داخستنی عەلوەی کۆنی شارەکە، بەتەواوی سەنگەرگرتنی حزبی تێدا خوێندرایەوە، سەرۆکی شارەوانی کەلاریش دەڵێت: "حەق بەوانەیە بابەتەکەیان بە حزبی بینیوە، چونکە وایپیشاندرا"، قائیمقامی کەلاریش دەڵیت: گرفتەکە برایە لای جێگری سەرۆکی حکومەت و من تاوانبارکرام بە ڕێگری کردن لە کردنەوەی.

لەکاتی کردنەوەی عەلوەی نوێی کەلار، هەریەکە لە: بەرزان کەریم، بەڕێوبەری گشتی شارەوانیەکانی گەرمیان و ئەکرەم ساڵح، سەرۆکی شارەوانی کەلار کە لەپشکی یەکێتین، پێداگریان لە کردنەوەی پرۆژەکە کرد. هاوکات کەریم

عەلی و محەمەد شێخ وەهاب، دو ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی کە لەپشکی گۆڕانن، لەگەڵ دو ئەندام پەرلەمان لە پشکی هەمان حزب (شیرین ئەمین و رزگار محمەد)، کارەکەیان بە نایاسایی ناوزەند کرد و بەرپرسانی پەیوەندیدار بە پرۆژەکە و کردنەوەی عەلوە نوێکە بردە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی.

سەرۆکی یەکەی قەزاکە لە پشکی گۆڕان، لە سەرەتای دروستبونی کێشەکە رێگری کرد لە کردنەوەی عەلوە نوێکە، بەڵام دواتر بێلایەنی هەڵبژارد.

شەهاب ئەحمەد، قائیمقامی کەلار، بەمشێوەیە قسەی خۆی خستەڕو: "سەرەتا من رێگریم کرد لە کردنەوەی بەهۆی ئەو کارانەی کە مابوی، بەڵام دواتر کە جێگری سەرۆکی حکومەت (قوباد تاڵەبانی) هاتە سنورەکە، چەند کاسبکارێکی عەلوەی نوێ پێیان راگەیاندبو کە قائیمقامی کەلار رێگرە لە کردنەوەی پرۆژەکە".

ئاماژەی بەوەشکرد: "ئەمە لە کاتێکدایە وەک یەکەی ئیداری قەزا بە پێی یاسای وەبەرهێنان دەسەڵاتی من بۆ سەر پرۆژەکانی وەبەرهێنان تەنها لە یەک برگەدا رێگە پێدراوە، ئەوەش کاتێک رێگری لە کاری وەبەرهێنەرەکە بکرێت، بۆیە هەندێک تەداخولیشم کردبێت کە نایاسایی بوە، لەبەر هاوڵاتیان و پیشەوەران کردومە".

کەواتە قائیمقامیەتی کەلار رای لەگەڵ کردنەوەی پرۆژەکە بوە؟ لەوەڵامدا وتی: "کردنەوە و نەکردنەوەی بە پێی یاسا لە دەسەڵاتی مندا نیە و بۆشم نیە تەداخول لەو پرۆژەیە بکەم، بەڵام کە وتومە با نەکرێتەوە و پیشەوەر و کاسبکار ناچار نەکرێن بچنە ئەوێ، لەبەر ئەوە بوە وەبەرهێن پرۆژەکە بە تەواویی خزمەتگوازریەکانیەوە تەواو بکات ئەو کات بکرێتەوە".

ئەکرەم ساڵح، سەرۆکی شارەوانی کەلار، بەمشێوەیە باسی لەم پرسە کرد: "ئەوەی پرسەکەی بە حزبی بینیبێت حەقی خۆیەتی، چونکە وا دەردەکەوت".

لەوەڵامی ئەوەی سەرۆکی شارەوانی کە لە پشکی یەکێتیە بەهۆی جیاوازی حزبیەوە تەحەدای کردنەوەی عەلوەی نوێی کردوە؟ وتی: "بێگومان لەبەر پێشەوەران ئەمەم کردوە، چونکە عەلوەی کۆن کەڵکی کارکردنی تێیدا نەمابو".

پرۆژەی عەلوەی نوێی کەلار تاوەکو ئێستا گرفتی موڵکداری هەیە و دۆسییەکەی لە دادگادایە.

## 2 – 4. مەرزی پەروێزخان و کارنەکردنی بە نوسراوی یەکتر لە لایەن دو بەرپرسی یەکێتی و گۆڕانەوە

لە دەروازەی مەرزی پەروێزخان دو پۆستی هەستیار هەیە، ئەویش: بەڕێوبەری مەرزەکەیە لەپشکی گۆڕان و بەڕێوبەری گومرکی گەرمیان کە لەپشکی یەکێتیە، لە کاتی بەدواداچونەکانی یەکەی چاودێری چەند شۆفێرێکی مەرزەکە وتیان: "ئێمە بوین بەقوربانی لەنێوان یەکێتی و گۆڕان".

بەبەردەوامی باس لە ناکۆکیەکانی نێوان ئەم دو بەڕێوبەرە دەکرا، بەڵام چەند مانگێکە دەڵێن: "کۆک بون". بەڕێوبەری گومرک ئاماژە بەوەدەکات لێکتێنەگەیشتن هۆکاری ناکۆکیەکان بوە، نەک جیاوازی حزبی.

عەلی تۆفیق، بەڕێوبەری دەروازەی مەرزی پەروێزخان پشتڕاستی ئەوە دەکاتەوە و دەڵێت: "ڕاستە لێرەو لەوێ گرفتمان بۆ دروست بوە، هۆکارەکەش ناحاڵی بون بوە نەک هۆکاری حزبی".

ئەگەر ئەوە ناحاڵی بون بوبێت بۆچی ئەم دو بەڕێوبەرە کاریان بە نوسراوی یەکتر نەکردوە؟

حسێن ئەحمەد، بەڕێوبەری گومرکی گەرمیان، وتی: "خەڵک هەبوە ویستویەتی بەس ئیشی خۆی بڕوات چوە بەڕێوبەری مەرزی بەهەڵە تیگەیاندوە، ئەویش نوسراوی کردوە، ئەمە ڕاستی کارنەکردن بە نوسراوی یەکتر بوە".

ڕای (عەلی تۆفیق) بەڕێوبەری دەروازەی مەرزی پەروێزخان جیاوازە و پێیوایە هۆکارەکەی "نارێکی کاری مەرزەکەیە کە دۆخەکەی زۆر ناسەقامگیرە". وتی: لەناو مەرزەکان دۆخێکی تایبەت هەیە، هۆکارەکەشی نارێکی کاروبارەکانە، دۆخی ئیدارەدانی ئەو هەمو پاڵەپەستۆیە ئاسان نیە، جا کە سیستەمێکیش نەبێت ئەوە وێران تر.

لە باسی ناکۆکیەکانی نێوانیان لەگەڵ بەڕێوبەری گومرکی گەرمیان، وتی: "هێشتا دۆستایەتیەکان لەسەروی کارەکانەوەیە، ئاساییە کێشە هەر ئەبێت".

## 3 – 4. بینای دوبارەگای حزبی لە گەرمیان بە زیادەڕۆ دروستکراون و لێپێچینەوەش ناکرێت

بینای نوێی مەڵبەندی گەرمیانی یەکێتی لەسەر زەوی کشتوکاڵیە، بارەگای لقی گەرمیانی پارتیش بەهەمان شێوە، دۆسیەی هەردوکیشیان لەدادگادایە، بازێروانی پێشوی کەلاریش دەڵێت: ڕێگری حزبی نەیهێشتوە نوێنەرەکانمان کار لەسەر زیادەڕەوییەکان بکەن.

ئەم دو بینایە بارەگای حزبن و یەکێک لەو حزبانە یەکێتیە لە حزبە باڵادەستەکانە لە سنورەکە، هەرچی بەڕێوبەری کشتوکاڵی گەرمیان و قایمقامی کەلارە کە پەیوەندیدارن بەو بابەتەوە، لە پشکی بزوتنەوەی گۆڕانن، کەواتە ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە: حزب تەداخولی تێدا کردوە یاخود قائیمقامەکەی کەلار خۆی ئیجرائاتی نەکردوە لەو دۆسیەدا؟

شەهاب ئەحمەد، قائیمقامی کەلار ، لەوەڵامی ئەو پرسیارەدا وتی: "ئەم دو بینایە دۆسیەکانیان لە دادگایە، تەنانەت یەکێک لەوانە دەگەڕێتەوە بۆساڵی ٢٠١١ لە پێش دەستبەکاربونی من بوە".

باسی لەوەشکرد: ئەو نوسراوەی کشتوکاڵ کردویەتی بۆ ئێمە لەبارەی پرسگەکەی بوە کە زیادەڕۆ بوە، بەدواداچونیشمان کردوە بۆ ئەو دۆسیەیە پێش منیش هەر بەدواداچونی بۆ کراوە.

لە بارەی ئیجرائاتی خودی خۆی بۆ دۆسیەی ئەو دو بینایە کە لەسەر زەوی کشتوکاڵین، قایمقامی کەلار وتی: "ئەو کات من هاوڵاتیەکی ئاسایی بوم ئەو ئیشەکراوە، من چۆن ئێستا ئیجرائاتی لەسەر بکەم کە بونەتە واقع؟ بەڵام هەردو بیناکە دۆسیەکانیان لە دادگایە".

باژێروانی پێشوی مەکۆی کەلار، قسە لەسەر زیادەڕۆیی دەکات کە نوێنەرەکانیان لە حکومەتە خۆجێیەکە نەیانتوانیەوە لێپێچینەوە بکەن "بە ئەمری حزبی و بەرپرسانی سنورەکە زیادەڕەوی کراوە، ئێمە نەمان توانیوە ئیجرائات بکەین، چونکە حزب لە پشتی بوە".

محمەد عەبدولڕەحمان، لەبارەی ئەو حزبەی کە ڕێگریەکەی کردوە وتی: "هەمو ئەو ڕێگری و کۆسپانەی کە بۆمان دروست کراوە لەلایەن حزبی دەسەڵاتدارەوە بوە لە سنورەکە".

## 4 – 4. بەڕێوبەری تەندروستی: پێدانی پۆست بە گۆڕان روکەش بوە

هەرچەندە بەرپرسانی حزبەکان باسیان لە حکومەتی بنکە فراوان کرد بەوەی شێوازێکی سەرکەوتو بوە لە یەکە ئیدارییەکاندا، بەڵام ئەمە ئەوە ناشارێتەوە کە گرفت و ئاستەنگی زۆریش بۆ کارەکانیان دروستبوە.

د. سیروان محەمەد، بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان، کە لەسەر پشکی بزوتنەوەی گۆڕان لەو پۆستەدایە، دەربارەی ئەوەی وەک بەڕێوبەری گشتی چۆن بەشداری لایەنە جیاوازەکان دەبینێت لە حکومەت؟ ئاماژەی بەوەکرد: "دەستاودەستکردنی هەندێک لە پۆستەکان لەگەڵ بزوتنەوەی گۆڕان بە شێوەیەکی شکڵی بوە، لەبەر ئەوەی یەکێتی کە باڵادەستە، دەستبەرداری ئەو فەرمانگانە نەبو کە تەسلیمی ئێمە کران و تەداخولی دەکرد".

لە بارەی ئەو ئالنگاریانەی بۆی هاتۆتە پێش، وتی: بۆ نمونە نەخۆشخانەی گشتی کەلار بۆ ماوەیەکی زۆر بێ بەڕێوبەر مایەوە بەهۆی دەستێوەردانی حزبی باڵادەست، هەر بەوەش نەوەستان لەسەر ئاستی ئەو ئەندام و کادرانەی کە هەیان بو زۆر جار کاریان بە ڕێنمایی و نوسراوەکانی ئێمە نەدەکرد.

د. سیراون محەمەد، دەڵێت: "تەنانەت لەسەر ئاستی وەزارەتیش، بەدەر لە نوسراوەکانی ئێمە کاری بە نوسراوی ئیدارەکانیش دەکرد کە ئەمەش دەستی حزبی لە پشت بو".

بەهۆی دەستوەردانی حزبیەوە بەشی کاروباری هونەریی لە بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان پەرتەوازە بوە. بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان، هێمای بۆ ئەوە کرد: "بەهۆی ئەوەی لە ساڵی ٢٠١٥ ویستمان بەڕێوبەرێکی بۆ دابنێین کە خۆمان کاندیدێکمان بۆ دیاری کرد، بەڵام حزبی دەسەڵاتدار بەو پاساوەی کە پۆستی ئەوانە و بە مافی خۆیانیان دەزانی، کێشەی تێکەوت، ئەوە بو ڕەزامەندیم نەدا لەسەری، تاوەکو ئیستاش بەهۆی کێشەی حزبیەوە لێپرسراومان بۆ ئەو بەشە دانەناوە".

## 4-5. کۆمەڵ: دەستکاری پرۆژەکانمان کراوە

یەکێک لەو گرفتانەی حزبە بەشدارەکان بەشێوەی جیاواز ئاماژەیان پێکردوە، ڕێگری دروستکردنە بۆ کارەکانیان، وەک خۆیان دەڵێن: "بۆ ئەوەی هاوڵاتیان نەڵێن فڵان حزب خزمەت دەکات".

کۆمەڵی ئیسلامی لە گەرمیان یەک پۆستی هەیە ئەویش بەڕێوبەری ناحیەی ئاوەسپیە کە پێشتر نوێنەرەکەیان لە پۆستی بەڕێوبەری ناحیەی باوەنور دا بو.

حەسەن محەمەد، بەرپرسی مەڵبەندی کۆمەڵی ئیسلامی لە گەرمیان، جەخت لەوەدەکاتەوە کە نوێنەرەکەیان ڕێگری زۆری لێکراوە لە دەست بەکاربونیەوە تاوەکو ئێستا، دەڵێت: "کارە ئیدارییەکان لێرە لەبری حکومەت حزب بەڕێوەی دەبات و بەمهۆیەوە ئاستەنگی زۆری بۆ دروستکراوە".

بەرپرسەکەی کۆمەڵ، دەشڵێت: "بەشێوەیەک دەستوەردراوەتە کارەکانی و ڕێگری بۆ دروستکراوە، تەنانەت لە وەزارەتەوە پرۆژە بۆ ئەو شوێنەی ئەو دەرچوە، کەچی دراوە بە شوێنێکی تر، لەگەڵ ئەوەشدا ئیمزاکردنی ئەو پرۆژانەی کە لە سنوری کاری ئەو بوە ئاسانکاری بۆ نەکراوە و واژوی بۆ نەکراوە، لە کاتێکدا بەڕێوبەری ناحیەی دیکە هەیە ئاسانکاری زۆری بۆ کراوە".

لایەنی بەرپرس لە "کێشە دروستکردن" بۆ کاری ئەو نوێنەرەی کۆمەڵی ئیسلامی، بە وتەی بەرپرسی مەڵبەندی گەرمیانی ئەو حیزبە، لە سەروی خۆیەوە بوە و لەلایەن یەکەی ئیدارییەوە ڕێگرییەکان کراوە لە کارەکانی.

## 5. رای چاودێرانی سیاسی و چالاکوانان لەسەر حکومەتی بنکەفراوانی گەرمیان

### 5-1. چاودێرێکی سیاسی: سنوری نێوان حزب و حکومەت دیار نییە

چاودێرێکی سیاسی باس لەوەدەکات پەرشوبڵاوی لە ناو حزبەکان لە گەرمیان بونی هەیە، ئەمەش وایکردوە کاریگەری هەبێت لەسەر یەکە ئیدارییەکان، سەرباری ئاستەنگ دروست کردن بەهۆی جیاوازی حزبی.

د. یاسین ئاشور جەوهەر، پسپۆری سیستەمی سیاسی و مامۆستا لەزانکۆی گەرمیان، دەڵێت: "پێش هەمو شتێک گرفتی گەورەی حوکمڕانی لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان بەگشتی و پارێزگاکان و یەکە ئیدارییەکان بەتایبەتی، ئەوەیەی کە سنوری نێوان حزب و حکومەت دیار نییە و تێکەڵاوە، لەم هاوکێشەیەشدا باڵادەستی زیاتر بۆ حزبە و دەست لەکاروباری کارگێڕی حکومەت دەدات، تەنها لەمەشدا ناوەستێتەوە، بەڵکو دەپەڕێتەوە بۆ سەپاندنی ئەوەی خۆی بەباشی دەزانێت".

لەگەڵ ئەوەشدا پێیوایە لەم پەیوەندیەدا زۆر جار کەسانی حزبە بچوکەکان کەپۆستێک وەردەگرن، هەمان سیاسەتی حزبی باڵادەست پەیڕە و دەکەن و توانای لادانیان نییە لەئاراستەی حزبی باڵادەست.

### 5 – 2. چالاکوانێکی کۆمەڵگەی مەدەنی: حزب لێپێچینەوەی لاواز کردوە

چالاکوانانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەڵێن نابێت ئەم پۆستە خزمەتگوزاریانە حزب بە پشکی خۆی بەڕێوبەری دەزگاکانی دیاری بکات، بەپێچەوانەوە کاریگەری زۆر خراپی دەبێت.

شەماڵ رەئوف، چالاکوانی مەدەنی لە قەزای کفری، ئەوە دەخاتەڕو حزب دەستی تەواوی گرتوە بەسەر کاری دەزگا حکومیەکان و بەو هۆیەشەوە لێپێچینەوە زۆە لاوازە، چونکە هەمو ئەو کارانە دەچیتە قاڵبی حزبیەوە.

باسیلەوەشکرد: فەرمانگە هەیە کەم تەرخەمە، کەچی بەرپرسەکان لێپێچینەوە ناکەن، ئەمە دەرئەنجامی ئەوەیە بابەتەکان بە حزبی دەبینرێن و حزبایەتی دەکرێت لەناو حکومەتە بنکە فراوانەکەی گەرمیان.

## 6. رای هاوڵاتیان لەبارەی ئەزمونی حکومەتی خۆجێی بنکەفراوان لە گەرمیان

هاوڵاتیان بەشی زۆریان نیگەرانن لە کارەکانی حکومەتی خۆجێی گەرمیان، بەڵام پێکەوە کارکردنی حزبەکان بە باش دەبینن لەروی ئەوەی بەوتەی خۆیان "گەندەڵی کەم کردوەتەوە".

ئەحمەد عەلی، کاسبکار، لە کاتی باسکردنی کاری هاوبەشی حزبەکان وتی: "کاتێک پێکەوە کاربکەن دەکەونە کیبرکێی یەکترەوە، ئەوەش کاریگەری هەیە لەسەر خزمەتگوزارییەکان".

لوقمان میرزا، هەمان رای هەیە، بەڵام ئەو واشی دەبینێت کە پێکەوە کارکردنیان وای کردوە قەبارەی گەندەڵی کەمبێتەوە بەوەی ئیتر یەک حزب خۆی چی بوێت ناتوانێت بە ئاسانی بیکات.

بەشێکی هاوڵاتیان باس لەوەدەکەن حزبەکان بۆ ئەوەی کێبرکێی ئیجابییان لەنێواندا دروست بێت و بیرۆکەی کاری باشتر دابێنن، پێویستە "دەموچاوەکان" بگۆڕن و خەڵکی دیکەوە بێتە ناو حکومەتەکەوە.

نەوزاد حسێن، وتی: "گرفتێکی گەرمیان ئەوەیە ماوەی چەندین ساڵە یەک دەموچاو حوکم دەکات لێرە، ئەوانی دیکەش هەیانە لەم دەزگا دەچێتە ئەوەکەی تر، وەک ئەوەی شارەکانمان هەر ئەمانەی تیابن، ئەمە خاڵێکی زۆر لاوازی حزبەکانە کە نوێنەرەکانیان ناگۆڕن بۆیە زۆر ناچالاک بون".

هاوکات بەمەبەستی زانینی رای هاوڵاتیان بە وردی لەبارەی ئەم پرسەوە، یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێی گەرمیان، راپرسیەکی لەنێو بەشێک لە هاوڵاتیان ئەنجامداوە.

راپرسیەکە 50 فۆرمی لێدابەش کراوە بەسەر هاوڵاتیان لە چین و توێژە جیاوازەکان دا، دەرەنجامەکەیشی لە لاپەڕەکانی تردا دەخەینەڕو.

**وێنەیەک لە فۆرمی راپرسیەکە**

**رادیۆ دەنگ**

## یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان

## راپرسی لەبارەی: هەڵسەنگاندن بۆ چوارساڵی حکومەتی بنکە فراوانی خۆجێی گەرمیان

........................................................................................................

1. بەشداریی (یەکێتی، گۆڕان، یەکگرتو و کۆمەڵ) پێکەوە لە دەزگاکانی حکومەت لەگەرمیان لەم ٤ ساڵەی رابردودا چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

□ زۆرباش □ باش □ مامناوەند□ خراپ □ زۆرخراپ□ نازانم

2. پێتوایە ئەم بەشدارییە پێکەوەییە کاری حکومەتی باشتر کردوە؟


□ باشتری کردوە □خراپتری کردوە □ وەکخۆیەتی□ نازانم

3. تاچەند حزبەکان کەسانی شیاو و بەتوانایان کردوە بە بەرپرسیار

□ زۆر □ مامناوەند □تاڕادەیەک□ کەم □ هیچ

**وەڵامی پرسیارەکانی ڕاپرسیەکە بەمشێوەیە بوە:**

**پرسیاری یەکەم:** بەشداریی (یەکێتی، گۆڕان، یەکگرتو و کۆمەڵ) پێکەوە لە دەزگاکانی حکومەت لەگەرمیان لەم ٤ ساڵەی ڕابردودا چۆن هەڵدەسەنگێنی؟





**دەرئەنجامی پرسیاری یەکەم:** لە وەڵامی پرسیاری یەکەم دەبینین بژاردەی "زۆر خراپ" بەرزترین ڕێژەی تۆمارکردوە کە ٣٠٪ بەشداربوان ئەم ڕایەیان هەبوە.

بەڵام ئەگەر خوێندەوەیەکی گشتی بۆ وەڵامەکانی پرسیارەکە بکەین، دەبین هاوڵاتیان هەڵسەنگاندنیان بۆ پێکەوەبونی هەریەکە لە حزبەکانی: (یەکێتی، گۆڕان، یەکگرتو و کۆمەڵ)، بەگشتی باش دەبینن، چونکە ئەگەر بژاردەکانی (زۆرباش، باش و مامناوەند) کۆبکەینەوە، دەگەینە ڕێژەی ٤٧٪ کە بەرزترین ڕێژە دەبێت بە بەراورد بەوانەی کە بژاردەکانی (خراپ و زۆرخراپ)یان پەسەندکردوە، بەشێوەیەک کە ئەو دو هەڵبژاردەیە پێکەوە ٤٣٪ کۆی بەشداربوان ئەو ڕایەیان هەبوە.

هاوکات بژاردەی نازانم وەڵامی ١٠٪ی بەشداربوان بوە.


**پرسیاری دوەم:** پێتوایە ئەم بەشدارییە پێکەوەییە کاری حکومەتی باشتر کردوە؟




**دەرئەنجامی پرسیاری دوەم:** لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا هاوڵاتیان بە رێژەی ٣٧٪ کە بەرزترین رێژەیە دەڵێن پێکەوەبونەکە کارەکانی حکومەتی خراپتر کردوە، لە بەرامبەردا ٢٥٪بەشداربوان پێیانوایە پێکەوەبونەکەی ئەو چوار حزبە کارەکانی حکومەتی باشتر کردوە.

هاوکات ٢٥٪ی بەشداربوان پێیانوایە پێکەوەبونەکە کاریگەری نەبوەو حکومەتەکە لەگەرمیان هەر وەک خۆیەتی، لەکاتێکدا ١٨٪ هاوڵاتیان دەڵێن نازانین گۆڕانکاریەکە چۆن بوە.

**پرسیاری سێیەم:** تاچەند حزبەکان کەسانی شیاو و بەتوانایان کردوە بە بەرێوبەر؟




**دەرئەنجامی پرسیاری سێیەم:** لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا بە رێژەی زۆرینە کە ٥٣٪ هاوڵاتیان بە لایەنە حزبیەکانی بەشدار لە حکومەتی خۆجێی گەرمیان دەڵین: "نوێنەرەکانتان شیاونین"، لەبەرامبەردا تەنها ١٠٪ پێیانوایە نوێنەرەکانی حزبەکان لە پۆستە حکەمیەکانی گەرمیان کەسانی شایستە و زۆرباشن.

## چەند دیمەنێکی هاوڵاتیانی بەشداربو لە کاتی پڕکردنەوەی فۆرمی ڕاپرسیەکە









## 7. رای سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان لەسەر حکومەتە خۆجێیەکەی گەرمیان

هەرچەندە بەشێکی زۆری ئەو پرسیارانەی لەسەر ئەدا و کاری حکومەتە خۆجێیەکەی گەرمیان هەیە پێویستی بە وەڵامی سەرپەرشتیاری ئیدارەکەیە، بەڵام ناوبراو ئامادە نەبو لەوبارەیەوە قسە بکات.

سەڵاح کوێخا، سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان، بەوهۆیەی لەکاتێکدا ویستمان لێدوانی لێوەربگرین مۆڵەت بوە و لە دەوام نەبوە، قسەی لەوبارەوە نەکرد، ئەگەرچی ئاماژەی بەوەکرد کە پرسەکەی بەلاوە گرنگە و لەداهاتودا لەهەر هەوڵێکی پەیوەندیدار بەم بوارەوە ئامادەیی دەبێت.

## بەشی دووەم: دەرەنجام و ڕاسپاردەکان

### یەکەم: دەرەنجام

1. بەگشتی لە ئەنجامی ئەم ڕاپۆرتەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەزمونی حکومەتی بنکەفراوانی خۆجێی، بەوپێیەی ئەزمونێکی تازەیە، قورسە بڕیار لەوە بدرێت بەتەواوی سەرکەوتو بوە یان نا.

ئەو قەیرانە دارایی و کێشە سیاسی و ئەمنیانەی کە لەم چوار ساڵەی تەمەنی حکومەتی بنکە فراوان دا هەبون، وایکردوە ئەوەندەی تر هەڵسەنگاندنی ورد و دروست بۆ سەرکەوتویی یان سەرنەکەوتویی پرۆسەکە قورستر بکات، چونکە ئاسان نیە هەڵسەنگاندن لەکاتێکدا بکرێت کە هەرێم توشی قەیرانێکی سەختی دارایی و سیاسی بوەتەوە و زۆرینەی ڕەهای پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی ڕاگیراون.

2. ئاماژەکان پێماندەڵێن هێشتا ئەم ئەزمونە بەلای بەرپرسانی سنورەکەوە تازەیە، ئەمەش وایکردوە لە زۆر باردا نەزانن چۆن مامەڵە بکەن، هەروەک ئەمەش ڕێگەی خۆشکردوە بۆ ئەوەی ناکۆکیی و دەستوەردانی زۆر دروست ببێت.

3. ئەگەرچی یەکێتی نیشتمانی بە خواستی خۆی هاوپەیمانێتی لەگەڵ لایەنەکان دروستکردوە بۆ بەڕێوەبردنی حکومەتی خۆجێی سنورەکە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەست ناکرێت ئەم پرسە لای تەواوی کادیر و بەرپرسەکانیان چەسپی بێت، بەڵکو زۆرجار ئاستەنگ بۆ ئەو دەزگایانە دروست دەکەن کە بەڕێوبەرەکانیان سەر بە لایەنی دیکەن و لێناگەڕێن بەتەواوی کاری خۆیان بکەن.

هەروەک لە قسەی چەند بەڕێوبەر و بەرپرسێکی حزبی بەشدار لە حکومەتی خۆجێی سنورەکە دەردەکەوێت، پێیانوایە بەشدارییەکان شکڵین و بڕیاری تەواویان بەسەر حکومەتەوە نیە تەنانەت لەو دەزگایانەشی کە لای خۆیانن، ئەمەش بۆخۆی نەنگیە، دەبێت بەشداریەکە دانەتاشرێت وەک ئەوەی باسی لێوەکراوە.

4. لەئاستی گەرمیاندا، لایەنە بەشدارەکان هیچ بۆرد و ئەنجومەنێکیان نییە تایبەت بە پرسی حکومەت، هەروەک هیچ کۆبونەوەیەک لەماوەی ئەم چوار ساڵەدا بەشێوەیەکی دەوریی ئەنجام نەدراوە لەوەی حزبەکان لەسەر بەرەوپێشەوەبردنی کارەکانی حکومەتی خۆجێی گفتوگۆ بکەن و تاوتوێی کێشە و ئاستەنگیەکان بکەن و هەوڵی چارەسەرکردنیان بدەن.

5. دەستوەردانی حزبیی زۆر ڕون و ئاشکرایە، ئیتر چ حزب لەو دەزگایانەدا بیکات کە بەڕێوبەرەکانی سەر بە ئەوانن، یان هی دەزگای تر، بەدیارییکراویش یەکێتی نیشتمانی لەم ڕووەوە تۆمەتبار دەکرێت.

هەروەک فشارە جەماوەریەکانیش لەبری ئەوەی فشاری مەدەنیی بن، کەچی زۆربەیجار کراون بە فشاری حزبیی.

6. بەگشتی ئەو دەقەی کە پێشتر لە حوکمڕانی دا لە سنورەکەدا هەبو، تاڕادەیەکی زۆر شکاوە، بەوەی تەنها یەک لایەن و یەک ئاراستە حکومەت بەڕێوەببات، بونی چەند لایەنێک لە حکومەت دا وادەکات هەمەچەشن و باشتر بێت، بەڵام کێشە ئەوەیە ئەم هەمەلایەنییە بەتەواوی لە حکومەت دا ڕەنگی نەداوەتەوە، واتا هەست بە بونی هەماهەنگیی ناکرێت لەنێوان ئەو حزبانەدا بۆ بەرەوپێشەوەبردنی تەواوی خزمەتگوزاریی حکومی لە سنورەکە.

7. بەدحاڵیی بون و تێنەگەیشتنی زۆر لەنێوان بەرپرسانی حکومیی سەر بە حزبە جیاوازەکان دروست بوە، ئەم بەدحاڵیی بونانە لەزۆر باردا کاریگەریی بەسەر ژیانی خەڵکەوە هەبوە، بەڵام لەبەرامبەردا حزبەکان هەوڵی پێویستیان نەداوە ئەم کێشانە چارەسەر بکەن، بەقەدەر ئەوەی بون بە بەشێک لە قوڵکردنەوەی کێشەکان.

8. هاوڵاتیان بەگشتی بونی ئەم بەشداریی و بنکە فراوانیەیان پێباشە (وەک لە راپرسیەکەدا دەرکەوتوە)، لەگەڵ ئەوەشدا هەست بە بونی هیچ پێشکەوتنێکی ئەوتۆ ناکەن لە خزمەتگوزاریەکانیان دا دوای بنکە فراوانکردنی حکومەت لە سنورەکە، هۆکارەکەش ئەوەیە خزمەتگوزاریەکان بەرای ئەوان بەرەوپێشەوەنەچوە. ئەگەرچی قەیرانی دارایی و کێشە سیاسیەکان بە پاساوی ئەمە هەژمار دەکرێن، بەڵام دەبێت لایەنەکان لەسەر ئەم بابەتە دورد تر بوەستن و بەواداچونی بۆ بکەن.

9. هاوڵاتیان رەخنەی توندیان لە دانانی بەڕێوبەر و کەسی یەکەمی دەزگاکان هەیە، پێیانوایە حزبەکان بەپێی پێوەری باش و گونجاو ئەو کارە ناکەن (وەک لە راپرسیەکەدا هاتوە). هەروەک رەخنەشیان لەوە هەیە کە دەرفەت بەهاتنە پێشەوەی روخساری نوێ و کەسانی دیکە نادەن کە توانای خۆیان لە بوارەکەدا بسەلمێنن.

**دوەم: راسپاردەکان**

1. بونی حکومەتی هاوپەیمانی و بنکەفراوان گرنگە، بەتایبەتی لە شوێنێکی وەکو گەرمیان کە دانیشتوانەکەی بە ئاستی نزیک لەیەک دابەش بون بەسەر حیزبەکان دا، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە ئەم بنکەفراوانێتیە لە دەسەڵاتیش دا لە سنورەکە جێگیر بکرێت، بەوەی ئازادیی و دەسەڵاتی زیاتر بە حزبەکان بدرێت و ئاستەنگیان بۆ دروست نەکرێت.

2. حزبە بەشدارەکانی حکومەتی خۆجێی، بۆردێکی راوێژکاریی پێکبێنن کە کۆبونەوەی خولیی هەبێت و کێشە و بەرەوپێشەوەچون و ئاستەنگەکان لەوێ گفتوگۆیان لەبارەوە بکرێت و بڕیاریان لەبارەوە بدرێت.

3. دەبێت چ حکومەت و چ حزبەکان، لەرێگەی توێژینەوە و راپرسییەوە، هەوڵی وەرگرتنی را و بۆچونی دروستی هاوڵاتیان بدەن لەبارەی حکومەت بەگشتی و ئەو سێکتەرانەی کە ئەوان وەریان گرتوە، بۆ زانینی بەرەوپێشەوەچون و پاشەکشێکان.

4. دەستوەردانی حزبیی یەکێکە لە "بەڵا" دیارەکانی حکومەتداری لە هەرێمی کوردستان، لەگەرمیان دیاردەکە زەقە، بۆ کەمکردنەوەی پێویست بە بەهێزبونی حکومەت دەکات لە بەرێوەبردن و بڕیاردان، بۆ ئەمەش گرنگە رای شارەزایان وەربگیرێت و پاشان بڕیاری پێویست بدرێت.

5. پێوەرێک هەبێت بۆ حزبەکان بەمەبەستی لێرسینەوە لە سێکتەرەکان، بەوەی کاتێک حزبێک لە سێکتەرێکدا سەرکەوتو نابێت، رێوشوێنی پێویستی لەبارەوە بگیرێتەبەر و بەکۆی حزبەکان بڕیار لەوبارەیەوە بدەن.

6. هاوشانی بونی حکومەتی خۆجێی کارا، ئەنجومەنی یاسادانان و چاودێریی کاراش پێویستە، بۆیە گرنگە کاربکرێت بۆ دروستکردنی ئەنجومەنی قەزا و ئیدارە "هاوشێوەی ئەنجومەنی پارێزگا"، کە رەنگدانەوەی خواستە سیاسیەکانی هاوڵاتیان بێت.

7. پەرە بە دەستە و دەزگاکانی چاودێریی بدرێت، چ لە بواری دارایی یان لەبواری دەستپاکی و یاسایی، بۆ ئەوەی باشتر چاودێر بن بەسەر حکومەتەوە و لێیبپێچنەوە.

8. حکومەتی خۆجێی گەرمیان پەیوەندیەکانی لەگەڵ کۆمەڵگەی مەدەنی و راگەیاندن دا پەرەپێبدات، بۆ ئەوەی بە رۆڵی چاودێریی و بەدواداچونی پێویستی خۆیان هەستن، بە قازانجی زیاتری هاوڵاتیان.

## بەشی سێیەم: ناساندن

1. ناساندنی یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێی گەرمیان

یەکەیەکی رۆژنامەوانی و بەدواداچونی تایبەتی رادیۆی دەنگە بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی (NED) ساڵی 2017 دامەزراوە، کاری چاودێرییکردنی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان ئەنجام دەدات بەمەبەستی پەرەدان بەکارەکانیان و هەروەها برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن و شەفافیەت و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هاوڵاتی و دەسەڵات و دروستکردنی لێکتێگەیشتنێکی باشتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە خزمەتگوزاریەکان.

❊ ئامانجی یەکە

1. برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن وەکو بنەمایەکی گرنگ لە پیادەکردنی حکومەتی پێشکەوتو و دیموکراسی.

2. دروستکردنی کۆدەنگی لەگەڵ دەزگا حکومیەکان بەمەبەستی دروستکردنی فشار بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی خزمەتگوزاریی بۆ دەڤەرەکە.

3. بەدواداچونکردن بۆ کێشەو گرفتەکان و دەستنیشانکردنیان و ئاراستەکردنی بۆ لایەنە فەرمیەکان، بەمەبەستی چارەسەرکردنیان.

4. دروستکردنی رایەڵەو پتەوکردنی لەنێوان هاوڵاتیان و حکومەت دا، هەروەها هێنانە ئارای لێکتێگەیشتنێکی باشتر لەنێوان هەردولا لەروی دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانەوە.

❊ کارەکانی یەکە

1. ئەنجامدانی راپۆرتی مانگانە لەسەر چالاکی و خزمەتگوزاریەکان و هەروەها دەستنیشانکردنی کەموکورتیەکان و رەوانەکردنی ئەو راپۆرتانە بۆ حکومەتی ناوەندی و پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاو ئەنجومەنی خۆجێیەتی.

2. ئەنجامدانی هەڵمەتی فشار بۆ باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان لە سنورەکەدا.

3. ئەنجامدانی هەڵمەتی هۆشیاریی بەهاوکاری دەزگا فەرمییەکان.

4. ئەنجامدانی کۆبونەوەو کۆنفرانس و دانیشتن لەنێوان چین و توێژە جیاوازەکان و حکومەتی خۆجێیەتی، بە ئامانجی برەودان بە جۆری خزمەتگوزاریی و فەرمانڕەوایەتی.

5. ئەنجامدانی بەرنامەی تایبەت لە کەناڵەکانی راگەیاندن بۆ باشترکردنی پەیوەندی و لێکتێگەیشتنی نێوان خەڵک و حکومەت.

* بنەما پیشەیی و ئەخلاقیەکانی کارکردنی یەکە

1.لایەنگیریی نەکردن لە کارکردن لەسەر کێشەو کەموکورتیەکان.

2.پابەند بون بەپیشەیی بونەوە لەخستنەروی بابەتییانەی کێشەکان.

3.وەرنەگرتنی هیچ کۆمەک و هاوکاریەکی دارایی لە حکومەت و حزب.

## 2. ناساندنی رادیۆی دەنگ

رادیۆی دەنگ، یەکەمین رادیۆی کۆمەڵگەیی ئەهلیە لە گەرمیان.

لەساڵی 2010ەوە دامەزراوەو لە بەرواری 6ی شوباتی ئەو ساڵەوە، دەستی کردوە بەپەخشی خۆی لە سنوری قەزای کەلار و دەوروبەری.

ئەم رادیۆیە، لەلایەن هەردو رۆژنامەنوس (جەزا محەمەد) و (ئازاد عوسمان)ەوە بەهاوکاری ژمارەیەک گەنجی رۆژنامەنوس و چالاکوانی خۆبەخش دامەزراوە، ئامانجیشی بریتیی بوە لە پەرەپێدانی دیموکراسیی و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی هاوڵاتیانی سنوری گەرمیان لەرێگەی ئەو بەرنامەو هەواڵ و بابەتانەی کە بەدواداچونیان بۆ دەکات.

رادیۆکە، بە نوسراوی ژمارە (265) لە بەرواری (2010/2/2) و بەرێگەپێدانی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن بۆ شەپۆلی رادیۆکە بە نوسراوی ژمارە (368) لە بەرواری (2010/2/2) مۆڵەتی کارکردنی وەرگرتوە.

لەئێستادا رۆژانە 24 کاتژمێر لە سنوری گەرمیان، لەسەر شەپۆلی FM 99.9 پەخشی بەرنامەکانی دەکات، هاوکات سایتێکی ئینتەرنێتیشی هەیە هەواڵ و بەرنامەو پەخشی بەرنامەکاتی تێدا دەکات بەناونیشانی (www.radiodang.org).

رادیۆکە، رادیۆیەکی کۆمەڵگەییە، واتا بۆ کۆمەڵگەو ناوچەی گەرمیان بەتایبەتی پەخش دەکات، لەبوارە جیاوازەکانی وەکو: سیاسیی، کۆمەلایەتیی، ئابوری، رۆژشنبیریی، کەرتی خزمەتگوزاریی و حکومیی و وەرزشیی و ... هتد،

بەدواداچون دەکات. هاوکات بەدواداچونیش بۆ پرسە نیشتمانیی و کێشە سەرانسەریەکان دەکات و رەهەندە نیشتمانیی و مرۆڤانەییەکانی بەهەند وەرگرتوە.

جگە لە کاری میدیایی، رادیۆی دەنگ چەندین پرۆژەی دیکەی لەماوەی شەش ساڵی تەمەنی دا ئەنجامداوە، لەوانە: (کردنەوەی خولی پێگەیاندنی رۆژنامەنوس، خولی پەرەپێدان بەتوانانی رۆژنامەنوسان، ئەنجامدانی کۆڕ و سیمینار، سپۆنسەر کردنی هەندێک چالاکی هونەریی).

## 3. ناساندنی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی NED

سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی (NED) دامەزراوەیەکی ئەمەریکی قازانج نەویستی تایبەتە بە گەشەپێدان و پاڵپشتیکردنی دامەزراوە دیموکراتییەکان لەهەمو جیهاندا، کەلەلایەن کۆنگریسی ئەمەریکییەوە ساڵانە بودجەی تایبەتی بۆدیاریدەکرێت، ئەویش ساڵانە پاڵپشتی زیاتر لە (1200) هەزارو دو سەد پرۆژەی گروپە ناحکومییەکان لە (90) نەوەد وڵاتدا دەکات.

(NED) هەر لەدامەزراندنییەوە لەساڵی (1983) دا، پێشەنگە لەتێکۆشانی دیموکراتیدا لە شوێنەجیاوازەکانداو گەشەیکردوە بۆ دامەزراوەیەکیفرە رەهەندو ئاراستەو بوەتە چەق بۆ چالاکیو ئاڵوگۆڕی هزری بۆ چالاکوانو توێژەرانی بواری دیموکراتی لەجیهاندا.

(NED) باوەڕی بەوەیە کە ئازادی خولیایەکی جیهانی مرۆڤایەتییە، ناکرێت لەرێگەی گەشەپێدانی دامەزراوە دیموکراتییەکانەوە بهێنرێتەدی، بەها دیموکراتییەکان لەرێگەی تاکە هەڵبژاردنێکەوە بەدیناهێنرێن، هەروەها پێویست ناکات کە دوبارەکردنەوەی نمونەی وڵاتە یەکگرتوەکان یان هەر وڵاتێکی دیکە بێت، بەڵکو بەگوێرەی پێویستییەکان و دابونەریتە کەلتورە سیاسییە جیاوازەکان گەشەدەکات.

## 4. ناساندنی ناوچەی گەرمیان:

گەرمیان بەناوچەیەکی دیارییکراوی سەر پارێزگای کەرکوک بەپێکهاتە کۆنەکەی هەژمار دەکرێت کەدواتر بەهۆکاری تەعریب، خرایە سەر پارێزگای سلێمانی.

ئەم ناوچەیە، لەکۆمەڵێک قەزا پێکدێت، بەڵام لەروی ئیدارییەوە، ئیدارەی گەرمیان لەئێستادا کورت بوەتەوە بۆ قەزاکانی: (کەلار و کفری و بەشێک لە قەزای خانەقین.)

لەدوای راپەڕینی ساڵی 1991، لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەشێوەیەکی کاتی پارێزگای کەرکوک کە قەزاکانی (کەلار، کفری، چەمچەماڵ، دەربەندیخان و بەشێک لە ناحییەکانی قەزای خانەقین) دەگرتەوە، پێکهێنرا. لەگەڵ پێکهێنانی پارێزگاکەشدا بەهۆی نەبونی بینا بۆ فەرمانگە و بەرێوەبەرایەتییەکان لە قەزای کەلار، قەزای دەربەندیخان دیاریکرا بۆ ناوەندی پارێزگای کەرکوک.

بەپێی پێگەی فەرمیی ئیدارەی گەرمیان لە ئەنتەرنێت، دوای روخانی ڕژێمی پێشوی عێراق لەساڵی 2003 دا، جارێکی تر گەرمیان کە قەزای کەلار ناوەندەکەیەتی توشی بۆشاییەکی ئیداری هات، ئەوەش بەهۆی هەڵوەشاندنەوەی پارێزگای کەرکوک لە دەربەندیخان، بۆچارەسەرکردنی ئەو بۆشاییە ئیدارییەش، ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە بڕیارێک لە رۆژی 2006/8/6 "ئیدارەی گەرمیان"ی پێکهێنا کە مەرکەزەکەی لە قەزای کەلار دانراوە، هەروەها لەپێناو کاراکردنی ئیدارەکە و فراوانکردنی دەسەڵاتە کارگێڕییەکانی، حکومەتی هەرێم لە ساڵی 2008 بڕیاریدا ئیدارەی گەرمیان هاوشێوەی پارێزگاکانی تری هەرێم مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و لەو روەشەوە دەسەڵاتی پارێزگار بە خشراوەتە سەرپەرشتیاری ئیدارەکە.

*** ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان:**

1. ئەحمەد حەمید وەلی
2. زریان محەمەد
3. رێناس ساڵح

*** بۆ پەیوەندی:**

07702303676 - 07480207400

Radiodeng@yahoo.com yakaychawderigarmyan@gmail.com

Radiodang.org